# "دەنگی کورد لەئەسکەندەنافیا" سەلوی گولی و عەبدوڵا پەشێو لەئۆپسالا و لە شەوێکی ئەدەبیدا

PRINT EMAIL

## دڵشاد چوچانی:

هۆزان ڤان و خانمەنوسەری کورد سەلوی گولی بەشداری لەشەوێکی ئەدەبی کوردی سویدی دەکات بەبەشداری چەندین شاعیری کوردی و سویدی و کەلەنێویاندا شاعیری گەورەمامۆستا عەبدوڵڵا پەشێوی شاعیریش بەشدارە.



لە شەوێکی ئەدەبی کوردی لەسوید و لەشاری ئۆپسالا لەرۆژی 3/31/ 2009 سێ 3 شاعیری کورد و 3 شاعیری سویدی شەوێکی شاعیرانەبەخوێندنەوەی شعرەکانیان دەخولقێنن لەو شەوەدا سەلوی گولی وەك خاتونێکی هۆزان ڤان و نوسەر بەخوێندنەوەی شعرەکانی بەشداری دەکات و لەو بارەیەوەسەلوی‌رایگەیاند لەو شەوەئەدەبییەکوردی سویدیەدا 6 شاعیری کوردی سویدی بەشدارن کەکوردەکان بریتین لە (سەلوی‌گولی و مامۆستا عەبدولڵا پەشێوو مالمیسانی) و سویدییەکانیش بریتین (لەئارنا یو هانسۆن و کاردین نوردلوند و یلڤا ئگهون) و بەموزیکیش بەڕێز (بەها شێخۆ) بەشدارەو ئەو پرۆگرامەش لەکاتژمێر 19 لەشاری ئۆپسالا و لەرێگنا تیاتر، ترێدگوردس گاتان بەڕێوەدەچێت و بڕیارەهەمان چالاکی لەشاری یۆتۆبۆریش ئەنجام بدرێتەوە"

سەلوی‌گولی کەلە دەڤەری دهۆك لەدایك بووەئێستا یەکێك لەخانمەئەکتیڤ و دیارەکانی کوردەلەئەوروپا و لەبارەی ژیانی تایبەتی خۆشی رایگەیاند ژیانی خۆی لەچوار جێگەو بەچوار قۆناغ تێپەڕیوەوەك دهۆك و باتیف و گوند و ئەوروپا بەڵام وەك دەڵێت" قۆناغی ژیانم لەگوند جوانترین قۆناغەکانی ژیانم بووە" ئەو جگەلەوەی کەئێستا یەکێك لەشاعیرەدیارەکانی کوردەو هۆزانەکانی بۆ چەند زمانێکنی دنیا وەرگێڕدراوەبەڵام سەلوی وەك خۆی دەڵێت بەدوریش نەبووەلەکاری سیاسی و ڕیکخراوەی "لەساڵەکانی 1980 ئەندامی لقی دهۆکی یەکێتی قوتابیان و لاوان بووم زۆرکاتیش لەچالاکییەکانی پێشمەرگەدا بەشداریم هەبووەبۆیەش لەساڵی 1984 لەلایەن سەرۆکی هەرێمی کوردستانەوەسوپاس نامەیەکم ئاراستەکراوەو بەهۆی ئەو چالاکییەسیاسیانەش لەلایەن رژێمی سەدامەوەزۆرجار دەست بەسەر کراوم". بەڵام ئەوەی تاکو ئەمرۆش لەڕوی هەڵوێستەنەتەوەییەکانی خانەوادەکەیەوەئازاری دەدات شوێن بزرکردنی باوکیەتی لەلایەن ڕژێمی بەعسەوە"ئەوەی تاکو ئێستاش ئازارم دەدات

شوێن بزرکردنی باوکمەکەلەگەڵ 15 هەڤاڵیدا لەلایەن رژێمی بەعسەوەبەهۆی کوردایەتی دەستگیرکران و تاکو ئێستاش نازانم گۆڕی باوکم لەکوێیە".



ئەو چالاکیانەش کەسەلوی‌گولی بەشداری تێداکردووەلەسالی 2008 لە26 نوڤمبر لەکونست موزیوم لەگوتنبورگ ئەدبیات سویدی سەلوی‌گولی وەک هوزانڤانێکی کورد بەشداری پروگرامێکی شعر خوێندنەوەبووەکە3 شاعیری عەرب و چواری سویدی لەسوید و دانماک و فلندابەشداربون هەروەها لەبغداد کافی پوێسی فستیڤال لە7 سپتێمبر 2008 لەستوکهولم/تێنستێ بیبلیوتێک سلوی وەک نوێنەری زمانی کوردی بەشداری ئەو فستیڤاڵەبوو و چەند هۆنراوەیەکی بەزمانی کوردی خوێندەوەو لەهەمان کاتدا شاعیری عەرب جاسم محمد هۆنراوەیەکی سەلوی ی بەسویدی خوێندەوەئەو فستیفاڵەش بەزمانەکانی کوردی و عەرەبی و سویدی و فارسی و ێینی و رومانی بەڕێوەچوو شاعیرەبەشداربووەکانیش پێك هاتبون لەشاعیرانی دیمشق و مەغرب و ئیران و ێین و روم ئەوانەی کەهەر لەسوید دەژین، ئەو لەبارەی بەرهەمەچاپکراوەکانیشی وتی" ئەو پەرتوکانەم کەچاپکراون بریتین لە1/سەفەرا خونێت خەما من 2/سورەبرینا شەڤا من 3/ب عە رەبی هەموم احلامی 4 دواپەڕتوکیشم بەناوی شەف شاهدە کەلەچاپخانەی ئافئستا لەاستنبول بەپیتی لاتینی چاپکراوە". هەروەها ئەو کتێبانەشی کەئێستا لەژێر چاپکردندایەرۆمانێکی لەسویدی بو کوردی و دیوانب َکی کوردیەبەپیتی لاتینی.